www.kurdistannet.org
27/06/2003 00:13

# سوپای ڕزگاری یان سوپای داپلۆسین

وەهاب شاە موحەمەد

دوای دامه زراندنی کۆمه لگا له جیهان دا و بوژانه وه ی باری ئابووری بوونی هیزی سه ربازی شتیکی
زۆر گرنگ بوو بۆ پاراستنی به رژه وه ندی گشتی ئه و کۆمه لگایانه له هه موو جۆره هه ره شه و
په لاماریکی ده ره کی. ئه و هیزه وه یان سوپای سه ربازیانه هه ر له کاتی دامه زراندنیه وه هه تاکوو
ئیستا هه میشه پیوستی به به ره و پیشه وه و پیشکه وتن بووه، چوونکه هه ر هیزیکی سه ربازی له و کۆمه
لگایانه هه میشه هیزیکی سه ربازی تر له به رامبه ره که ی هه بووه بۆ هه ره شه کردن لی و
له ناوبردنی

پیش به رپابوونی شۆرشی پیشه سازی زیاتر هه ر ئه و چه که کلاسیکیانه ی که هه بوو به سه ده ها سال به
کارده هینراو گۆرینیکی ئه وتۆ به سه ر جۆری چه که کانی شه ر نه هاته پیشه وه و کۆمه لگاکانیش
گۆرانکاریکی ئه وتۆیان به سه ر نه هات به په له، بۆیه ده بینین له هه ندی جیگای دنیا هه ندی هیز
هه بوون توانیان به سه ده های سال زه وی خه لکی تر داگیربکه ن و به بی ئه وه ی هیزیکی ئه وتۆ
هه بی بتوانی ئه و ده سه لاته یان له ده ست بدات.

دووای شۆرشی پیشه سازی گۆرانکاریکی گه وره درووست بوو له ناو ئه و کۆمه لگایانه چی له رووی
ته کنه لۆجیای سه ربازی وه چی له باری ئابووریه وه که وای پێویست ده کرد که به دوای بازاری تازه و کالای
هه رزان بگه ریێن. دۆزینه وه ی نه وت و گرنگیێکه ی وای له و ولاته پیشه سازیه تازانه ی وه ک
ئینگلیزوو فه ره نسا کرد که په لاماری ئیمپراتۆریه تی عوسمانی بده ن و له ناوی به رن ئه ویش له به ر
دۆزینه وه ی نه وت له و ناچانه ی که له لایه ن تورکه کانه وه به سه ده های سال داگیرکرابوون وه یێکی
له و ناچانه ولاتی کوردستان بوو.

کوردستان بیێجگه له گرنگیه ئابووریێکه ی بۆ ئینگلیزوو فه ره نسا ناوچه یێکی گرنگی سه ربازیش بوو
چونکه ده که ویێته نیوان رۆژئاواو و رۆژهه لات. پاش رووخاندنی عوسمانیێکان و درووستکردنی ئه و
ولاته تازانه ی ئه مرۆ له ناوچه که که کوردستانیش به زۆر کرا به به شیێک له و ولاتانه و زه ویێکه ی به سه ر
چوار ولات دابه ش کرا ئیگلیز و فه ره نسا یه کسه ر ده ستیان کرد به دامه زراندنی سووپا له و
ولاته تازه درووست بووانه وه عیراقیش یێکي بوو له وان.

یه که م شه ر که کردیان به و هیزه سه ربازیه ی عیراق لیێدانی کورد بوو پيّ، چوونکه کورد رازی
نه بوو که ولاته که ی به و جۆره پارچه پارچه بکریّ و ده ستی کردبوو به شۆرشی چه کداری دژ به
داگیرکه ران. ئینگلیز به هه موو هیزیێکی خوی یارمه تی سوپای تازه درووستکراوی عیراقی ده داو
رۆژ به رۆژ به هیزتری ده کرد، تاکوو واي ليێهات که پیێویستی به هاوکاری ئینگلیز نه ما ئیتر.

هه ر له رۆژی دامه زراندنی سوپای عیراقه وه هه تاکوو چه ند مانگیّ له مه و به ر ئه و سوپای عیراقه
قه ت ریێگای به وه نه ده دا که کورد رۆلیێکی ئه وتۆی هه بی له ناوی وه ته نها وه سووته مه نی به کار
ده هیێنرا له و سوپایه ئه ویش به کوشتنی رۆله کانی دژ به کورد خۆی وه یان ئه و شه رانه ی که جارجار دژ به
دراوسیێکای عیراق به رپا ده کرا. له سه رباز به ولاوه کورد به هیچ جۆریێک نابوو وه ک ئه فسه ر وه یان
بریارده ر تیایدا به شداری بکات ئه ویش بۆ ئه وه ی نه تواني رۆژی له رۆژان ببی به هیزیێک له ناو سوپای
عیراق که ریێگا له له ناوبردنی میله تی کورد بگريّ.

ئه گه ر کورد بیێجگه له سه رباز زیاتر رۆلی هه بوایه له ناو سوپای عیراق ئه وا قه ت ئه و کاره ساته
دلته زیینانه ی به سه ر ناهات و که سیش نه ی ده ویێرا به و جۆره په لاماری بدا.

ئه مرۆ دوای نه مانی گه وره ترین مه ترسی له سه ر کورد له عیراق و به نیازی درووست کردنی
سوپایێکی تازه ی که م ژماره به لام پیێشکه وت که کورد له سه دا ٣٣% پیکده هیێی زۆر گرنگه ئیێمه ی
کورد وه ک به شیێکی گرنگی ئه و سو=ایه ببین و نه ک وه ک سالانی جاران رۆلی سه رباز ببینین
به لکو وه هیزیێکی گرنگی ئه و سوپایه بین و هیچ کوردیکیش که به شداری له و سوپا تازه یه ده کا
نابيّ له دووانزه سال که متری خوێندبيّ. ده بيّ له ریگای ئه و به شه کورده وه فیێری باشترین و
تازه ترین ته کنیکی سه ربازی ببین و بۆ هاوپه یمانه تازه کانشمان بیسه لمیێنین که ئیێمه ی کورد ده توانین وه ک
هه موو میله تانی جیهان ببین به هیزیکی گرنگ بۆ پاراستنی به رژه وه ندیێکانی خۆمان و
هاوپه یمانه کانمان.

ده بيّ جاریێکی تر ریێگا نه ده ین به هیچ لایه نیێک وه ک جاران ره فتارمان له گه ل بکات. ده بیب سوپای
دوارۆژی عیراق بۆ پاراستنی کورد بيّ نه ک له ناوبردنی. هه له بجه و ئه نفال ده بيّ هه میشه له

به رچاومان بيّ بۆ ئه وه ى بريارە سياسييكانى دواڕۆژمان له پيناوى به رژه وه ندى گه ل و خاک بيّ.

تێبینی کوردستان نێت:
ئەم نووسینە بیروبۆچونی حاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت